# کۆنفرانسی پەروەردە ، ئاگادارن ؟ !

بنیادنانی سیستەمێکی پەروەردەو فێرکردنی ڕاست و دروست ، بەهەنگاوێکی بنەرەتی وسەرەکی دادەنرێت بۆ بنیادنانی کۆمەلگایەکی چالاك وئاسودە . ئێمەی کوردیش ، وەکو هەموو گەلانی دنیا ، لەکوردستانەکەی خۆمان لەمێژەوە خەون بەهاتنەدی ئەم جۆرە کۆمەلگایەوە دەبینین و لەپاش ڕاپەڕین و بەتایبەتیش پاش پرۆسەی ئازادکردنی عیراق له (2003) وە دەرفەتێکی زۆر باش و نمونەییمان بۆ ڕەخساوە ، بۆ قۆستنەوەی هەلەکان و خستنەکاری تواناکان و داڕشتنەوەی بەرنامەی ڕێك ودروست بەمەبەستی گەیشتن بەم جۆرە کۆمەلگایە .

بەلاّم ئەوەی جێگەی داخە ، هەر لەسەرەتاوە ئەوەی زۆر زەق و بەر چاوە و مایيەی نیگەرانی هەموو دلسۆزان و شارەزایانی بواری پەروەردەو فێرکردنە ، بونی کەم و کوڕی و ناحەقی و بێ بەرنامەیی و گەندەلی کارگێڕیو زۆرو زۆر لە تەگەرەکانی بەردەم کاروانی پەروەردەو فێرکردنی دروستە .

لەم دواییەدا هەموومان گوێبیستی هەوالی سازدانی کۆنفراسێکی فراوانی پەروەردەیی بووین، هیوادارم کۆنفرا نسەکەی ئەمجارە وەرچەرخانێکی مێژوویی بێت لە بواری داڕشتنەوەو بنیادنان و کاراکردن و پتەوکردنی کاروانی پەروەردەو فێرکردن و هەروەها دەستپێکی کۆنفرانسی سەرکەوتوو بنیاد نەربێت لە هەموو بوارەکانی دیکەی ژیان لەپێناوی بەرەو پێشبردن و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و گوزەران و داهێنان و ئەفراندن لە کوردستاندا . هەر لەم سونگەیەوە و وەك ئەرکێکی نیشتمانی و پیشەیی بەچاکی دەزانم هەندێك لەو کەم وکوڕیانەی لە بواری خوێندنی پیشەییدا وە بەتایبەتی لەبواری خوێندنی کشتوکالّیدا هەن بخەمە بەر دیدو دەستی خوێنەرو و بەرپرسان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان و ڕستکردنەوەیان و دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤی شیاوو گونجاو بۆ حالەتە سەقەت و بێ سوودەکان .چونکە وەك لای هەموان دیارە ،دیاری کردنی کەم و کوڕی و ناتە واویەکان بەهەنگاوی یەکەم و سەرەکی دادەنرێن لە ڕێگەی دۆزینەوەی چارەسەری بۆیان . بۆ ئەوەی چیتر ڕۆلەکانی میللەتەکەمان نەبن بە قوربانی ئەم جۆرە ناڕەوایی وبێ بەرنامەییەی کەتاکو ئێستا هەستمان پێکردووە و ئەگەر پێشتر بەهەرشێوەو جۆرێك پاساوییان بۆهێنابێتەوە ئەوا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا وا بزانم هیچ جۆرەپاساوێك نییە بۆپەردە پۆشکردنی ئەم جۆرە دیاردە ترسناکانە،

بۆ ئەم مە بەستەش ئامادەیی کشتوکالّی / هەولێر بەنموونە وەردەگرین ، کەیەکێکە لەو دوو ئامادەییە کشتوکالّیەی لە سەرتاسەری هەرێم هەن . تێبینیەکان ئەمانەن :-

1-  ڕێژەیەکی زۆر لەمامۆستایانی ئامادەیی کشتوکاڵ دەرچووی ئامادەیی پیشە یین ، ئەمەشیان بەخاڵێکی لاواز دادەنرێت لە بواری فێرکردن لەم ئامادەییە ، چونکە وەك ئاشکرایە بەشێوەیەکی گشتی دەرچوانی ئامادەیی لەو ئاستە دانین چی لەلایەنی زانستی یەوە چ لەلایەنی یاساییەوە وانە بڵێنەوە لە قۆناغی ئامادەیی ، وە بە تایبەتی وانە ( نظری ) یەکان .

2-  بەڕێوەبەری ئەم ئامادەییە چوار یاریدەدەری هەیە ، لەناو هەر پێنجیاندا دە رچویەکی کۆلیژ نی یە ، دوانیان دەرچووی پەیمانگان و سیانیان دەرچووی ئامادەیی پیشەیین .

3-  بڵاوبونەوەو تەشەنەکردنی دیاردەی پرسیار فرۆشتن و بەرتیل وەرگرتن و نەمانی ڕێزو پەیوەندی دروست لەنێوان مامۆستاو فێرخوازەکاندا .

4-  هێنانی مامۆستای (محاضر) بۆ ووتنەوەی وانەکان ، لەکاتێکدا ژمارەیەکی زۆرمامۆستا لە ئامادەییەکە هەیە . ئەوەی جێگەی هەڵوەستەیە لەسەر بێ بنەمایی ئەم کردارە ، وەك نمونە یەك بۆ ئەم دیاردەیە ، ساڵی پار بۆ ماوەی ساڵێکی خوێندنی تەواو دەرچووێکی قۆناغی ناوەندی وانەی ( کۆمپیوتەری ) بەفێرخوازانی ئامادەیی کشتوکال ووتوتەوە!!! .

5-  ئە گەر لێژنەیەکی بێ لایەنی پیشەیی دووبارە سەیری هەندێك لە دەفتەرەکانی ئەزموونی وزاری کۆتایی ساڵێکی ئامادەیی کشتوکاڵ بکاتەوە وەك نمونە ، دڵنیام بۆیان دەردەکەوێت کە تا چ ڕادەیەك دەفتەرەکان هێماو نیشانەیان لەسەردانراوە بە مەبەستی ناسینەوەیان و دەرچواندنیان ، هەروەها یاریان بە نمرەکردووە و بە ئارەزووی خۆیان خەڵکیان دەرچواندووە ، بگرە لە هەندێك حاڵەت (مامۆستای وانەیەك دەفتەرێکی وانەیەکی دیکەی کەوتۆتە بەردەست ونمرەیەکی دەرچوونی زۆر باشی پێداوە ، بێ ئەوەی هەست بکات وەڵامەکە وەڵامی بابە تێکی دیکەی بەشێکی ترە لە بەشەکانی خوێندن و دوورە لە بابەتەکەی ئەو) .

6-  خوڵی هاوینەی ئەمساڵیش وەك هەموو ساڵە کانی پێشوو بێ بەرنامەو بێ کەلك بوو ، ئەمەش ئەنجامێکی چاوەڕوان کراوە چونکە ئەو بەڕێزانەی سەرپەرشتی ئەم خولانە دەکەن ، نەخۆیان چی دەزانن و نەپرسیاریش لەکەس دەکەن و نەحەزیش دەکەن کەس ئاگاداری ئیش و کاریان بێت، ئە مەش بەمەبەستی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان و لەبەرچاوتەنگی و چڵێسی ئەو جۆرە بەناو بەڕێوەبەرو مامۆستایانەیە .

7-  نمونەیەکی دیکەی سەیرو سەمەرەکانی ئەم ئامادەییە ، بوونی مامۆستایەکی دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵ ، وانەی ( مافی مرۆڤ و دیموکرا تیەت ) دەڵێتەوە ، بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی زانستی و ڕەوشتی ئەو بەناو مامۆستایە ، تەنها ڕستەیەکی خۆی بەنمونە

دەهێنمەوە ، کاتێك  بە فێرخوازەکانی خۆی ووتبوو ((  وەڵام بدەنەوە، پرسیارەکانم زۆر ئاسانە هیچ نییە ، بە(..ر)   جواب بدەمەوە ناجح دەبم )).

8- سەرهەڵدانی دیاردەی دامەزراندن یان  گوا ستنەوەی فەرمانبەری  دەرچووی قۆناغی ناوەندی بۆسەر میلاکی ئامادەیی کشتوکاڵ ، دواتریش بەشداری کردنیان لە ئەزموونی دەرەکی هەر لە بواری کشتوکاڵ و ئەمەش بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ئامادەیی لەبواری کشتوکاڵ و وەك هەنگاوی یەکەم بۆ گۆرینی ناونیشانیانی وەزیفیان بۆمامۆستای کشتوکاڵ ، ئەمە لە حالە تێکدایە کە ئەم جۆرە کەسانە هیچ زانیاری و ڕاهێنانی پراکتیکیان لە بواری کشتوکاڵیدا نی یە و تەنها لە لایەنی تیوریەوە تاقی دەکرێنەوە لە ئەزموونەکانی بکالوریا . هەروەها دەرچونیشیان لە ڕێگەی ئەو پەیوەند ییە پێشینەییە یانەیە لەگەڵ بە ڕێوەبەرو و هەندێك لەمامۆستاکان ، ڕوونتر بڵێم ئیستغلال کردنی وەزیفەکەیانە بەمەبەستی وەرگرتنی بڕوانامەی ئامادەیی کشتوکاڵ لەڕێگەی ئەزمونی دەرەکی .

لەکۆتاییدا ماوە بڵێم ، تکا لە بەرپرسان و پسپۆڕان و دڵسۆزانی بواری خوێندنی پیشەیی دەکەم ، ئەم دیاردە ترسناکە بەهەند هەڵبگرن . بۆئەوەی چیتر یاری بە زانست و بڕوانامە نەکرێت و چیتر کەسی ناشایستە نەکرێن بە لێپرسراو و کاربەدەست و کەسانی ئاست نزم و ڕابردوو پیس و بەرتیل خۆر نەکرێن بە مامۆستا ، چونکە لکاند نی ناوی پیرۆزی ( مامۆستا ) بەناوی ئەمجۆرە کەسانە زوڵمێکی گەورەیە لە پیشەی پیروزی مامۆستایەتی و نیشانە یەکی ترسناکی دواڕۆژێکی تاریکە بۆ گەلە کەمان ، ئە گەر ئەمجۆرە کەسانە بەڕێوەبەرو مامۆستاو بەرپرسی بواری پەروەردەو فێرکردن بن .

سردار عبدالله

هەولێر

2006/9/24